# یان کۆنفدرالیزمی دیموکراتیک یان قبوڵکردنی سیاسەتی ئیستعمار لە رۆژهەڵاتی ناڤین





عومەر عینایەتی

کاتێک باس لە قەیرانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەکرێت، دەبی پێگەی رۆژهەڵاتی ناڤین لە هەموو بوارەکانی ژئوپۆلۆتیک، رامیاری، میتۆلۆژیک، ئابوری و ...،
هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و لە هەموو بوارە کانی ئیتنیکی و جوغرافیایدا هەڵسەنگاندنی دروستی تئوریک و پراکتیکیمان هەبێت . لە بابەتەکانی دیکەدا وردبوونەویەکم لەسەر سیاسەتی ئیستعماری نووسیوە و هەوڵم داوە لەم بابەتەشدا بارودۆخی ئێستاوقەیرانی رۆژهەڵاتی ناڤین لە سەدەی بیستویەکەمدابێنمە بەرباس لەسەدەکانی رابردوودا بەستراوەیی وگرێدراوی بە سیاسەتی ئیستعمارودەستەڵاتی دەوڵەت نەتەوەی وابەستە کە ئەمڕۆکەی بۆ ئیمە دروست کرد و گرێدراوی هەمان سیاسەتە. نەتەوەی کورد لەناو وڵاتانی ناوچەییدا خوازیاری ماف و چارەنووسی نەتەویین وراپەڕینی بەشکۆی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە، رۆژ لەگەڵ رۆژ لەهەرچوار پارچەدا زیاتر پەرە دەستێنیت و لەم سەردەمەدا سیاسەتی نێودەوڵەتی ناتۆانیت چاوپۆشی لە چارەنووسی گەلێکی 60 ملیۆنی بکات .

لە پاش کۆتایی هاتنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان وەکوو سات و سەودایەک لەسەر کورد و پارچەکردنی لەسەر ئەم بڕیارانە

1 . ڕێککەتننامەی 1920 هەتا ساڵی 2000 و لکاندنی 2 ویلایەتی موسڵ و شارەزوور هەروەها دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕێککەوتەی عێراق لەگەڵ واڵی بەغدا و رووخانی دەوڵەتی دروستکراوی عێراق کە لە ساڵی 2003دا لەژێر چاودێریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دروستکردنی عێراقی فیدراڵ بڕیاری لەسەر درا، لەناو ماڵی کورددا 2 پارتی سیاسیی کورد هەمان رۆڵی ساڵی 1920 یان گیرا،

ئەویش وەک نوێنەری ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی شارەزوور لەناو عێراقی فیدراڵیدا، هەڵبەت بە قەیرانی بەشێکی زۆرلە ناوچە کوردنشینەکان لەژێر ناوی ناوچەدابڕاوەکان کە بووەتە هۆی ناکۆکی لەنێو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێمی کوردستاندا.

2 . بڕیارنامەی سیڤەرو لۆزان لەژێر ناونیشانی دەوڵەت / نەتەوە و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنەسەرکاری پان تورکیسم و کۆمەڵکوژیی نزیک بە یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی کە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری کوردی بوون

3 . لە دوای بێدەسەڵاتی و رووخانی دەوڵەتی قاجار، وڵاتی روسیەی تەزاری لەساڵی 1912 بەشی ئازەربایجانی داگیر کرد لەژێر ناوی دابەشکردنی ئێران لە لایەن بریتانیا و روسیەدا بەدوای قەرزەکانی لەسەر بڕیاری تورکمنچای و بڕیاری گوڵستان کە ساڵی 1917 لە روسیە شۆڕش کرا و یەکیەتیی سۆڤیەت دروست بوو و لە ئێران پاشەکشەی کرد، لە پاشان هاتنەسەر دەسەڵاتی مەشروتەخوازان و داڕشتنی یاسای بنچینەی لەژێر دەسەڵاتی کەمینەی فارس و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی شای وابەستە بەناوی رزا شا.

4. دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین لەنیوان دەسەڵاتی سەردەم لە ساڵی 1920 هەتا ساڵی 2000 لەنیوان بریتانیا و فەرانسە و دەوڵەتی روسیەوە.

5. بەپێی بڕیاری 1937 و 1938 هەتا ساڵی 2007 لەسەر مەسەلەی کورد و وانی تورکیا و کوتاییهاتنی پەیمانی سوور و کۆمەڵکوژیی کورد لە درسیم بەپێی بڕیارنامەی ئەفغانستان هەموو شۆڕشەکانی کورد سەرکوت کرا و شیخ سعیدی پیران ئێعدام کرا .

6 . لە دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی لە ساڵی 1945، جارێکی دیکە دەوڵەتی روسییە تەواوییەتی ئازەربایجانی ئێرانی داگیر کردەوە و لەناو ئەم داگیرکارییەدا 2 کۆماری فیرقەی ئازربایجان و کۆماری کوردستان دامەزران و لە ساڵی 1946 لەناو قەیرانی وڵاتانی زلهێزدا، یەکیەتیی سۆڤیەت چووە دەرەوە، هەڵبەت ئیمتیازی باڵکانی بەدەست هینا. کشانە ۆی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بەهۆی ئە ۆی کە کورد جارێکی دیکە سات و سەودای لەسەر کرا، ئەویش لە پێناو بڕیاری نەوتی نەفت شاری کرماشان لە ساڵی 1946 هەتا ساڵی 2013 کە کوتایی پێهات و لە ساڵی 1946، سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد وێڕای برایەک و ئامۆزایەکی بە دەست شای ئێران لەدار دران.

7 . لە پاش شەڕی یەکم و دووهەمی جیهانی، دوو جەمسەری وڵاتانی رۆژئاوا و یەکیەتیی سۆڤییەت، واتە بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و لەژێر ناوی شەڕی سارد بە تایبەت لەسەر( هارتلند و ریمیلان)، دەستەڵاتداری لەسەر پشتێنەی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئاوە گەرمەکانی دەریای سپی و دەریای کەنداو لە ساڵی 1946وە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

8 . لە ساڵی 1975 لەسەر بڕیارنامەی ئەلجەزائیر لەسەر شۆڕشی کورد لەعێراقدا سات و سەودا کرا

هەڵبەت ئێستا کورد لەژێر کاریگەری هەموو بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و سات و سەودا سەرەکییەکان رزگاری بووە کە لەسەرەوە ئامازەمان پێ کردووە. لە داوی تێپەربوونی سەد ساڵ، ئێستا دەبینین کە رۆژهەڵاتی ناڤین لەنێو قەیرانی سیاسی و ئابووری دایە و و کورد ئێستا هەلێکی زێڕینی بەدەستەوەیە کە دەبێ سەبارەت بە چارەنووسی خۆی بڕیار بدات و نەکەوێتە ناو سات و سەوداکانی وڵاتانی زلهێزی دنیاوە و چارەنووسی کورد لە هەموو پارچەکاندا بەیەکەوە گرێدراوە.
لێرەدا جێگای ئامازەیە کە دەبێ بەچاولێکردن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناڤین و بەردەوامیی شەڕی سارد لەنێوان دەستەڵاتدارانی زلهێزی دنیا کە لە دوو بەرەی (ئێران و روسیە و چین) لە لایەک و وڵاتانی (رۆژئاوا و ناتۆ) لە لایەکی دیکە و کورد لەنێوان ئەم ململانییەدا، دەبینین کە کورد لە هەر چوار پارچەدا بەدوای هیوایەکی لەمێژینە و ناسنامەی خۆی دەگەڕێت و ناتۆانێت لە هیچکام لەم بەرانەداخۆ ببینێتەوە وهۆکارە سەرەکییەکان لەم بەشەدادەخەینە روو،
ئێران
کاتێ باس لە ئێران دەکرێت، جیاوازییەکی لەگەڵ تورکیە و عێراقدا هەیە.
دەوڵەتی تورکیا لە پاش رووخانی دەستەڵاتی عوسمانی لەژێر ناوی دەوڵەت نەتەوە، بە چاودێری سیاسەتی ئیستعماری دروست بووە. هەروەها دەوڵەتی عێراق لەسەر بڕیارنامەی نیودەوڵەتی دروست بووە، بەڵام ئێران خاوەنی مێژووی چەند هەزار ساڵەی رۆژهەڵاتی ناڤینە لەسەر بنەمای دەستەڵاتداریی پاشایان بانگەشەی پێ کراوە و ناسراوە. لە سێ سەدەی رابردوودا و سیاسەتی ئیستعماری لە پاش رووخانی دەستەڵاتی قاجار، هاتنەسەر دەستەڵاتی وابەستەی مەشروتەخوازان و داڕشتنی یاسای بنچینەیی داسەپاو و لە پاشان بە هاتنەسەر دەستەڵاتی شای دەستنیشانکراوی بیگانە، ئێران پێگەی سیاسی و مێژوویی لە رۆژهەڵاتی ناڤین لەدەست دا. هەروەها بە هاتنەسەر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە پشتیوانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، وەکوو پشتێنەی سەوز بەرانبەر بە روسیە هاتە سەر دەستەڵات و بە هەمان یاسای بنچینەیی، تەنیا ناوەکەی گۆڕا، بەڵام ناوەرۆک هەر

هەمان یاسای سەردەمی ئیستعمارە و ئێستا ئێران وەکوو وڵاتێکی جیهانی سێیەم پێناسەی بۆ دەکرێت. پرسیاری سەرەکی ئێمەلێرەدا ئەوەیە

1 ، ئایا ئێران وڵاتێکی جیهانی سێیەمە و لە پێناسەدا دەبێ تاریفی تایبەتی هەبێت؟
2 ، ئایا ئێران وڵاتێکی سەرمایەداری وابەستەیە کە ئەمەش تاریفێکی تایبەتی دەبێ هەبێت لە پیناسەدا؟
ئەگەر بڕێک بە وردی چاوی لێ بکەین، دەبینین کە مێژوو خەریکە بە شێوازێک دووبارە دەبێتەوە، واتە لە ساڵی 1900 هەتا ساڵی 1920، بە پلانی سیاسیی ئیستعماری پشێوی لەناو ئیتنییەکەکان و گرانی باڵی بەسەردا کێشابوو. ئێستا قەیرانی سیاسی لەژێر ناوی چەکی ناوەکی و کیشەی ئیتنیکی و هەروەها گرانی باڵی بەسەر گەلانی ناو ئێراندا کیشاوە و کۆمەڵگە لەژێر گوشاری سیاسیی ناوەندیدایە. هەروەها بەم گەمارۆ ئابوورییە، ئەوەی کە زەرەرمەندە گەڵانی ناوخۆی ئێرانن. لە سەردەمی کوتایی دەستەڵاتی قاجاردا، خەزێنەی دەوڵەت خاڵی بوو و ئێستاش لە پاش تیپەربوونی سەد ساڵ، دەبینین بەم گەمارۆیانەی نێودەوڵەتی، خەزێنەی دەوڵەت خاڵی بووە و مێژوو بە شێوەیەک لە شێوەکان دووبارە بووەتەوە، لیرەدا ئەو زەینییەتە دروست دەبێت کە ئایا بێتواناکردنی کۆمەڵگە و بێ ئیرادەکردنی گەلانی ناو ئێران سەبارەت بە گرانی و گوزەرانی ژیان دەتوانێت لە گۆڕانکارییەکاندا رۆڵی گرنگ بگێرێت یان کۆمەڵگە دەبێتە کەرەستەیەک بو گۆڕانکاری، بەم شێوەیە واتە بڕیاردەری سەرەکی، سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەسەر چارەنووسی ئێران. بەم واتایە کە هەر گۆڕانکارییەک بێتە ئاراوە بە دەستنیشانکردنی هێزیکی سیاسی و دەستەمۆ بۆ دەستەڵاتی ناوەندیی ئێران کە گوێڕاڵی هەموو بڕیارەکانی وڵاتانی بەرژەوەندیخواز بێت. کاتێ باس لە گۆڕانکاریی گشتی دەکرێت، دەبێ پڕۆژەیەک بێتە ئاراوە کە بتوانێت لە چوارچێوەی ئێران بە گشتی و تەواوی پێکهاتەکانی  ناوخۆی ئێراندا بگونجێت. گەلانی ئێران بە ئەزموونی چەندین گۆڕانکاری لە سەدەی رابردوودا وەکوو ئاماژەمان پی کرد (رووخانی دەستەڵاتی قاجار، هاتنەسەر دەستەڵاتی مەشروتەخوازان،  کودەتای رزاخان و دەستەڵاتی شای دەسنیشان کراو، سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران  لە سەردەمی موسەدیق، داگیرکاری لە لایەن روسیەوەیەکەم ساڵی 1912 و ساڵی 1945 و  دروستبوونی فیرقەی ئازەبایجان و کۆماری کوردستان، شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979  و هاتنەسەر دەستەڵاتی  کۆمار ئیسلامی بە پشتیوانیی زلهێزانی نێودەوڵەتی) تەنیا لە بەرانبەر بە رووداوەکان وەکوو کەرەستەیەک بکار هاتووە  بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گەلانی ناو ئێران، لە سەردەمی ئێستا و دوای تێپەربوونی سەدەیەک، دەبینین کە ئێران لەناو قەیرانی سیاسی و ئابوریی

ناوخۆ و دەرەوەدایە.بەشێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون لە چوارچێوەی ئێراندا دێتە بەرچاو
1 ،حیزب و رێکخراوەکانی حیزبی کمونیستی ئێران کە سلوگانی دروشمی سەرتاسەری دەدەن لە چوارچێوەی ئێران و بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتی ناوەندی.
2 ، دەستەڵاتی پێشووی ئێران لەژێر ناوی سەڵتەنەتتەڵەبان، واتە دەستەڵاتی پاشایەتی لە چوارچێوەی ئێرانی یەکپارچەدا.
3 ،سازمانی موجاهدینی خەڵق بە بیرۆکەی ئیسلامیی رادیکاڵ لە چوارچێوەی ئێرانی یەکپارچەدا .
4 ، حیزب و رێکخراوەکانی ئیتنیکی بە پێی سنووری جوغرافیایی ناوخۆی ئێران کە ئێران لە چەند نەتەوەی جیاواز پێک هاتووە وەکوو فارس، کورد، ئازەری، عەرەب، بلوچ، تورکمەن، هەروەها لە بواری ئایینییەوە وەکوو شیعە، سوننە، یارسانی، ئاشووری، کەلدانی، ئەرمەنی، یەهودی، کریستیان .
هەرچەند دەزانین لە چوارچیوەی ئێراندا بەهۆی گرێدراوی باوڕی ئایینییەوە کمۆنیزم ناتۆانێت دەستەڵات بگرێتە دەست و لە روانگەی سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا بو ئێرانی وابەستە ریگەی پێنادرێت، لەسەر هاتنی دەستەڵاتی سەڵتەنەتتەڵەبان لەم برِوایەدا نیم کە جارێکی دیکە حکومەتی ئێران بگەڕیتەوە بۆ دەستەڵاتی پاشایی، چونکە گەلانی ئێران لە سەردەمی دەستەڵاتی شای دەستنیشانکراو بێزار بوون، بەڵام وەکوو چاوی لێ دەکەین، رێکخراوی موجاهیدین بۆ ئەوەی کە ناوی لە لیستی تیرۆر بێتەدەری، هەروها لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا رۆڵی گرنگی گێڕاوە و لە ئاشکراکردنی شوێنی نوگلەری ئەتۆمی بوو وڵاتانی زلهێزی دنیا و گوێڕایەڵی برِیارە نێودەوڵەتییەکان پێدەچێت وەکوو هێزی ستوونی پێنجەم کاری بۆ کرابێت وەکوو ئیسلامی رادیکال لە دوای رووخانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان بکرێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لە دوای رووخانی ئێران چ شێوازێک بۆ دەستەڵاتی ناوندیی ئێران پێشنیاز دەکرێت. وەکوو دەبینین کە وەکوو پرۆژە باس لە دەستەڵات و سیستەمی فیدراڵی دەکرێت، بەڵام هێشتا لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بەریەک بەدی ناکرێت چ لە ئاستی ئێران و چ لەناو ئیتنیکەکانی ناو ئێران، هەڵبەت هیشتا سەبارەت بە چونیەتی سیستەمی فیدراڵی روونکرنەوەیەکی گونجاو نییە کە ئاخۆ سیستەمی فیدراڵی ئیدارییە یان سیستەمێکی فیدراڵیی ئیتنیکییە، ئەگر سیستەمێکی فیدراڵیی ئیداری بێت، ئەوە دەستەڵاتی ناوندی دەبێتە برِیاردەری سەرەکی و هیچ لە گرفتەکانی ناوخۆی ئێران چارەسەر ناکریت و گرفتە سەرەکییەکان وەک خۆیان دەمێننەوە و دەتوانین بڵێین سیستەم تەنیا بەناو دەگۆردرێت. ئەگەر سیستەمی فیدراڵی ئیتنیکی بێت، ئەوا گەورترین گرفت لە ئێراندا دروست دەبێت، چونکە زۆرینەی ویلایەتەکانی ئێران لە دوو نەتەوە یان سێ نەتەوە دروست بووە کە ئەمە خۆی پلانداڕێژراوە لە سەدەی رابردووەوە و دەبێتە

هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئێتنیکەکان و دیسان زەرەرمەندی سەرەکی گەلانی ناوخۆی ئێرانن. یەکێک لە سەرەکیترینیان دەتوانین بڵێین گەندەڵی و دزییە و سەرانی دەستەلات لە رۆژهەلاتی ناڤین بەرهەمی زەینییەتی دیکتاتۆرە وابەستەکانە لە پاش رووخانی هەر دەستەڵاتێک دەست و پێوەندەکانین پارەکان رادەگوازنەوە بۆ بانگە جیهانییەکان و کۆمەڵگە لە دواکەوتوویی و هەژاریدا دەمێنیتەوە و لێرەشدا ئەوە وڵاتانی زلهێزن کە قازانج دەکەن .

تورکیا

هەر چەند وڵاتی تورکیا لەناو هێزی ناتۆ دایەبەڵام گرێدراوی دەوڵەتیکی فاشیستی کەلەسەدەی رابردوو بەنوێنەرایەتی ئاتا تورک و دەوڵەت نەتەوەلە ژێر کاریگەری دەستەڵاتی ئیستعماری دروست بۆ و لەناو نەقشەی وڵاتانی رۆژئاوا دەبیندرا کەببێتەئەندام لەیەکیەتی ئوروپا دا بەڵام دەبینین لەساڵی 2007 دا دەوڵەتی تورکیالەناو نەقشەی جوغرافیای یەکیەتی ئروپا دا نەما و تەنانەت لەناو( ئیرو ) پارەی وڵاتانی رۆژئاوادا نەماوەهوکاری سەرکی دەتوانین بلین کەتەواویەتی شونی نیشتەجی بونی کورد لەناو خاکی ئاسیادایەهەر وها هەر سێ بەشی کوردستان لەناوئێران و عێراق و سووریاو بەشیک لەخاکی کوردستان لەناو ملمڵانی ئازەر بایجان و ئەرمنستان لەناو بەشی ئاسیایی دایە بەڵام تورکیادەیهەوێت لە ژێر ناوێ ناتۆ باج بستێنیت لەسەرکوت کردنی گەڵی کورد ، کاتی کەوڵاتانی بەرژەوند خۆاز لەساڵی 1999 و رۆژی 15 ی شوبات بەپلانگیری نێو دەوڵەتی بەریز (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) گیرا و رەوانەی ئیمرالی کرا ویستیان خەباتی چەندین ساڵەی کورد لەم پروسەیەدا لەناو بەرن، بەڵام ئەم پلانە سەری نەگرت بەهۆی کاریزمابوونی سەرکردایەتیی بەڕێز ئۆجەلان و تەفگەری ئازادیخوازی لەم چەند ساڵەدا بە پشتیوانیی ملیۆنیی کورد کە هەر دەم خۆراگرترچ لە ناوخۆی تورکیا وچ لەناو وڵاتانی دەرەوەهدا وهەر رۆژ دەوڵەتی تورک لە پاشەکشەدایە هەر چەند دەیەوێت شکستە سیاسییەکانی خۆی لەژێر ناوی هێزی سەربازیدا بشارێتەوە، لێرەدا جێگای ئاماژەیە کەسیاسەتی وڵاتانی بەرژەوندیخوازی رۆژئاوا دەیانەوێ کە وڵاتی تورکیا وەکوو حەوشە خەلوەتی خۆیان چاو لێ بکەن و بە دانانی قەڵغانی مووشەکی سەبارەت بە پاریزگاری لە بەرژەوندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان لە بەرانبەر روسیە و ئێران و چین، ئەمەش بووەتە هۆکار کەباج بدەن بە دەستەڵاتی دەوڵەتی تورک. وەکوو دیمان کە هێرش دەکرێتە سەر کاناڵە تەلەفزیۆنییەکان و کۆمەڵە کوردییەکان و گوشار دەخەنە سەر ئەندامانی تەڤگەری ئازادی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ناتوانن لە ئاست پرسی کورد بێ تەفاوەت بن کە بە هێزی بەرخودان هەر رۆژ لەسەر شەقامن. لە هەمانکاتدا دەبینین کە لە دوای دانانی قەڵغانی مووشەکیی ناتۆ لەناو تورکیادا، دەوڵەتی تورک گوشاریکی زۆری خستووەتە سەر کورد، ئەویش بە دەستبەسەرکردنی نزیک بە دە هەزار چالاکوانی

سیاسی رۆژنامەوان و پەرلمانتار و سەروک شارەوانییەکانی کورد و پێشێلکردنی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مروڤ. لە لایەکی دیکەوە دەستەڵاتی تورک ناتۆانی نکۆڵی لەوە بکات کە لە ماوەی دەستەڵاتداریی ئاکەپە و پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەریمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابووریدا، توانیویەتی ئاستی ئابووریی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەمەش هۆکاریکە کە دەبێت پێداچوونەوەیەک لە سیاسەتی یاسای بنچینەییدا بکات کە کورد خاوەن پێگەی تایبەتە و ناتۆانێت خۆی لێ بدزێتەوە. لە لایەک لەبەر بەرژەوەندیی ئابووریی وڵات، دان بە دەستەڵاتی کوردیدا بنێت و لە لایەک نکۆڵی لە بەشی زۆرینەی کورد بکات لەناو وڵاتی خۆیدا .
هەر چەند دەتوانین بڵێین نەخشەڕیگەی بەڕێز ئۆجەلان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ئارادایە، بەڵام دەوڵەتی تورک بە ریگرتن لە پاریزەران و راوێژکردن لەسەر پڕۆسەکە بۆشاییەک دێتە بەرچاو، هەڵبەت بەشێک لە رەگەزپەرستەکان هێشتا لەم زەینییەتەدان کە نکۆڵی لە بوونی کورد دەکەن، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی پێویستە هەنگاوی جیددی هەڵبێنێتەوە، چونکە تورکیا ئەمڕۆ بۆ ئەوان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە.
سووریا
لەسەر کێشەی سووریا، هەروەک لە نووسراوەکانی پێشوو دا باسمان لێوە کرد، فەرانسە یەکێ لەو وڵاتانە بوو کە خاوەن پێگەی سیاسیی ئیستعماریی تایبەت بووە لە دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بە گشتی و لە سووریادا بە تایبەتی. لێرەدا ئەوەی کە جیگەی باسی ئیمەیە، لەمڕۆکەدا و لەم گوڕانکارییانەی سەردەمدا، هەرچەند دەبینین کە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی لەژێر ناوی بەهاری عەرەبی گۆڕانکارییەکانیان بەرچاو دەکەون وەکوو وڵاتی میسر و تونس و لیبی، بۆ رازیکردنی دەوڵەتی فەرانسە کە رازی بێت بە گۆڕانکاری لە سووریادا و وەکوو هاوپەیمانی ناتۆ باجیان دا بە فەرانسە و سەرکردایەتیی هێزی نیزامییان دا بە فەرانسە لە رووخانی لیبی و تونس و میسر کە ئێستا ئەم وڵاتانە لەناو قەیرانی سیاسی مەزهەبی دان بەناوی ئیخوانەلموسلمین و هەروەها فەرانسە لەناو وڵاتانی ئەفریقاییدا رۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بەڵآم لە هەمانکاتدا کە فەرانسە لە شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا بەدەست فاشیزمەوە دەیناڵاند، ئەمڕۆ هاوپەیمانی هەمان زێهنییەتی فاشیزمە لەگەڵ تورکیە و دژی تەفگەری ئازدیخوازیی کوردە. نموونەی هەرە بەرچاو، تێرۆری سێ ژنە چالاکوانی کورد لە پاریس و گرتنی چالاکوانانی کورد و هێرشکردنەسەر کومەڵی کوردان و پشتیوانی لە حیزبە ئیسلامییەکانی ئەلقاعیدە و شوڤنیزمە عەرەبەکان هەروها حیزبە کلاسیکەکانی دەستەمۆی تورکیا، ئەمڕۆ دەستەڵاتی سووریا لەناو قەیرانی نێودەوڵەتی دا لەژێر گۆڕانکاریدایە. کوردی سووریا کە لە سەدەی رابردوودا بێ ناسنامە و تەنانەت بە هاووڵاتییش ئەژمار نەدەکرا، ئێستا لە رێکخستنی تەفگەری ئازادیدا خۆی

دەبینێتەوە و بە راگەیاندنی خۆسەری دیموکراتیک، چەند شار و ناوچەیەکیان بە دەستەوەیە و تورکیا و هاوپەیمانانی دەیانەوێت کورد بۆ جارێکی دیکە بێبەش بکەن، بەڵام بەرخودانی کورد نیشانی داوە کە پێداگرە لەسەر وەدیهێنانی مافی چارەنووسی خۆی .

پوختەی بابەت

سەبارەت بەم ئاڵوزییانە و قەیرانی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، دەبێ بڵێین لەم سەردەمەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و گڵۆبالدا، گرنگیی پرسی چارەنووسی نەتەوەکان دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە یاسای بنچینەیی وڵاتان و دانپێدانان بە مافی کەمە نەتەوەکان لە هەمانکاتدا هاوبەشیی رامیاری، ئیتنیکی و ئابووری و ژئۆپۆلۆتیکی و میتۆلۆژی لە چوارچێوەی سنووری جوغرافیایی دەبێ لەبەر چاو بگیرێت. کورد هەر چەندە لە سەدەکانی رابردوودا لەژێر گوشار و سات و سەودای نێودەوڵەتیدا بووە، بەڵام وەکوو نەتە ۆەیەکی گەورە لە دنیادا کە بێ ماف ماوەتەوە، ئێستا ناتۆانن چاوپۆشی لێ بکەن لە گۆڕانکارییەکاندا گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و خاوەن ستراتیژیی درێژخایەنە، بە تایبەت خاوەن بیرۆکەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە بە هۆی کاریزمابوونی رێبەرایەتی و کەسایەتیی بەرێزعەبدوڵڵا ئۆجەلان وەکوو پرۆژەی نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین کە دەتوانێت پێش لە هەر ئەگەریکی نەخوازراو بگرێت وەکوو شەڕی ئیتنیکی یان بیروباوەڕی لەناو میلیەتەکاندا، تا چ رادەیەک دەتوانێت لە پرۆسەکە کاریگەری هەبێت بۆ ژیانی هاوبەشی هەموو ئیتنیکەکان  ئەوە دەبێ کومەڵگە بڕیاری سەرەکی بدات، ئەویش بە رێکخستنی جەماوەری لە هەموو چین و توێژەکاندا. لە بیروکەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکدا بەرژەوندیی هەموو نەتەوەکان لە بواری سیاسی و ئابووریدا دەستەبەر دەکرێت، بەلام ئایا سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرژەوندیی خۆیان لەم پرۆسەیەدا دەبینەوە؟ بیگومان سیستەمی سەرمایەداری و کاپیتالیزم لەسەردەمی ئێستادا دەخوازێت کە پڕۆژەی ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناڤین پەرە پێبدات و پێویستە کە سەقامگیرییەک بێتە ئاراوە، چونکە ئێستا خۆیان لە پڕۆژەی تەکنەلۆژیادا لە کێبڕکێدان و پێویستە بەشێک لە سیستەمی پیشەسازیی قورس وەکوو پیشەسازیی پۆڵا و بەرهەمی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل کە پێویستی بە کاری هەرزان و کانزای هەرزان هەیە، بگوازنەوە بۆ وڵاتانێک کە لەم بوارەدا خاوەن پێگەی تایبەتن، هەر چەند باس لە گۆڕانکاری جوغرافیایی ناوچەکە دەکرێت، بەڵام ئەوە نابێتە شکستیک بۆ پرۆسەکە .